# من چۆن دەتوانم یارمەتیی منداڵانێ کە دووچاری تاوان دەکرێن بدەم؟

## من دەمەوێت بزانم

© فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان، ٢٠١٤
وێنەڕوونکراوەکان مارریيا ڤال
بەرهەمهێنان دروشم
چاپەمەنی ئۆستریۆم ئا بی، ئومیۆ ٢٠١٤

# ناوەڕۆک


**پێشەکی** **5**
**مافەکانی منداڵ** **6**
**ئەرکبارییەکانی گەورەساڵان** **7**
ڕاگەیاندن بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی 7
**بەپیرەوەچوونی منداڵەکە** **8**
**کاردانەوە ئاساییەکان** **9**
**پشتگیریی و پاراستن بۆ منداڵەکە لە ڕاگەیاندنەکەدا** **9**
بەرپرسێتی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی 10
چاودێریی تەندروستی – و نەخۆشی 10
ڕێکخراوە نائابوورییەکان 10
پاراستن 11
**لە ڕاگەیاندنەوە لای پۆلیس تا حوکم** **12**
لێکۆڵینەوەی سەرەکی 12
یاریدەدەریی دادخواز 12
نوێنەریی تایبەتیی بۆ منداڵ 13
لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵ 14
تێڕوانینی دوکتور و پشتگیریینامەی دوکتۆری دادوەری 15
خانەی منداڵان 15
**دادبینی** **17–16**
**قەرەبووکردنەوە** **18**
زیانبژاردنەوە 18
بیمە 18
قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان 19
قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان بۆ منداڵانێ کە شاهیدی تاوانن 19
ئەرکباری خوێندنگە بە قەرەبووکردنەوە 20
**زانیاریی پەیوەندی** **22**
ڕێکخراوە نائابوورییەکان 22
فەرمانبەرییەکان و هیممەتەکانی تر 22
**وشەنامە** **24**
**دەربارەی فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان** **26**



# پێشەکی

سەرباری ئەوەی کە منداڵ مافی گەورەبوونێکی ئاسوودە و دڵنیای هەیە، کەچی زۆریان لەگەڵ توندوتیژیی لە ژیانی ڕۆژانەدا گەورەدەبن، چ لە ماڵدا و چ لە ژینگەکانی تردا. دووچاربوون بە تاوان، دەکرێت بەسەرهاتێکی دژوار بێت بۆ هەموان، بێگوێدانە تەمەن. ئەوەی کە منداڵان و لاوان دووچاری توندوتیژیی دەکرێن یاخود لە نزیکی توندوتیژییەوە گەورە دەبن، لەوانەیە دەرئەنجامی لە مەودایەکی نزیک و مەودایەکی دووردا هەبێت.

ئەم نامیلکەیە دەربارەی منداڵە کە لە توندوتیژیدا ژیان دەکەن. نامیلکەکە لەپێش هەمو شتێکەوە ڕوو لەوانە دەکات کە بەهۆی کارەکەیانەوە لەگەڵ منداڵەکەدا لە پەیوەندیدا دەبن، بۆ نموونە لەناو خوێندنگەدا، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و چاودێریی تەندروستی – و نەخۆشی یاخود لە چالاکی نائابووریدا. مەبەست لە منداڵ، هەمو ئەوانەن کە ١٨ ساڵیان پڕنەکردۆتەوە.

بۆ خوێندنەوەی پتر یاخود کەرەستەکان، بڕوانە ئێرە **www.brottsoffermyndigheten.se**.

# مافەکانی منداڵ

هەمو شێوازێکی توندوتیژیی و دەستدرێژیی، دەکرێت مەترسیدارانە زیان بە منداڵ بگەیەنێت و زوربەی جاران دەرئەنجامی جەستەیی و دەروونی بگەیەنێت. مافەکانی منداڵ لە پەیماننامەی مافی منداڵاندا و لە یاسادارشتنی سویدیدا سەرنجی لەسەر دراوە. کارکەرانی پیشەیی کە لە کارەکەیاندا لەگەڵ منداڵدا چاوپێکەوتنیان هەیە، ئەکبارن کە لەکاتی هەبوونی گومان لەوەی کە منداڵ خراپی بەسەردێت ( تووشی گێچەڵ دەبێت)، لای خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی راگەیاندنی لەسەر بدەن. ئەمە بەندێکی گرنگە بۆ دڵنیاییکردنی مافەکانی منداڵان.

## پەیماننامەی مافی منداڵان

پەیماننامەی مافی منداڵان رێککەوتنێکی نێونەتەوەییە کە سوید واژووی کردوە. پەیماننامەکە باس لەوە دەکات کە منداڵان کام مافگەلیان هەیە، بەبێ گوێدانە رەگەز، بنەرەت، ئایین یاخود کەمبوونەوەی توانا(کار). منداڵ مافی بەتەنگەوەهاتن و پاراستنی تایبەتیان هەیە، چونکە



ئەوان زۆرجار ناسک ترن. پەیماننامەی مافی منداڵ لەلایەن چوار بنەمای بناخەییەوە راوەستێنراوە:

- کە هەمو منداڵان هەمان مافیان هەیە
- کە لە هەمو بریارێکدا چاکترین بۆ منداڵەکە بەهەندبگیرێت.
- کە هەمو منداڵیک مافی ژیان و پەرەسەندنی هەیە.
- کە هەمو منداڵان مافی گوتنی بۆچوونی خۆی هەیە و بۆچوونەکەی بەرێزەوە وەربگیرێت.

بەپێی پەیماننامەکە، منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە لە هەمو شێوازێکی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی، بەدئاگالێبوون و دەستدرێژیی سێکسی بپارێزرێت. پەیماننامەکە تێبینی لەسەر ئەوەش ئەدات کە منداڵی دووچارکراو مافی پشتگیریی و یارمەتیی هەیە.

## قەدەخەکردن دژی لێدانی منداڵ

لە سوید قەدەخەیە کە توندوتیژی بە مەبەستی پەروەدەکردن بەکاربهێنرێت. بریارەکانی کۆیاسای تاوان دەربارەی لێدان، منداڵیش دەپارێزێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نە باوان نە گەورەسالانی تر بۆیان نییە توندوتیژیی جەستەیی یاخود هەر مامەڵەکردنێکی سووکایەتییپێکردن لەگەڵ منداڵدا بەکاربهێنن. لێدانی منداڵی بچکۆلە دەکرێت وەک لێدانی گەورە داوەری لەسەر بکرێت، ئەگەر کەسێکی گەورەسال تاوانەکەی کردبێت.



# ئەرکبارییەکانی گەورەساڵان

بەپێی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی واباشە هەمو گەورەساڵان کە پێزانینیان لەسەر  هەیە یان گومان دەکەن کە منداڵێک تووشی گێچەڵهاتن دێت بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنن. ئەوانەی لە چالکییەکدا کاردەکات و چاوپێکەوتنی لەگەڵ منداڵان هەیە و پێزانینیان لەسەر یان گومان دەکەن کە منداڵێک تووشی گێچەڵهاتن دێت، ئەرکبارن کە دەستبەجێ بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنن.

## ڕاگەیاندن بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنێک بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بگەیەنیت، ئەوەندە بەسە کە گومان یان نیگەرانی هەبێت. کەوابو پێویست ناکات کە بەڵگە لە ئارادا هەبن کە منداڵەکە تووشی گێچەڵ بوە.

کاتێک کە گومان بەوەی کە منداڵ تووشی گێچەڵ بوە ڕاگەیاندنی لای خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لەسەر دەدرێت، ئەوا ئەوان ئەرکبارن کە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە بکەن. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەشبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئایا کاتی هیممەتکردن هاتوە. لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی پێداویستی منداڵەکەیە، دەبێت باشترین بۆ منداڵەکە لە تیشکۆی دابێت.
ئەگەر خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی وا داوەری کرد کە منداڵەکە لە ژینگەی ماڵەوەدا لە مەترسیدایە، ئەوا دەکرێت دەستبەسەرداگرتنی دەستبەجێیی بێتە ئاراوە.
گەر خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی وا داوەری کرد کە منداڵەکە دەتوانێت لە ژینگەی ماڵەوەدا بمێنێتەوە، ئەوا هیممەتگەلی تر، بۆ نموونە خێزانی پەیوەندیکار و گفتوگۆی پشتگیرییکردن، بێنە ئاراوە. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لەکاتی هەبوونی گومان بە تاوانی مەترسیدار تر دژی منداڵ، ڕاگەیاندنی لای پۆلیس یان داستێن لەسەر بدات.



# ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ منداڵەکە

ئەگەر مرۆڤ ڕووبەڕووی منداڵێک ببێتەوە کە مرۆڤ لەو باوەڕەدایە لە توندوتیژیدا ژیان دەکات، لێیدەدرێت یان بە شێوەیەکی تر ئاگالێبوونی نییە، ئەوا گرنگە کە بە گرنگەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. کاتێک کە دێتە سەر توندوتیژیی لە پەیوەندی نیزیکدا، منداڵ زوربەی جار هەستی وەفاداری بەرامبەر ئەوەیە هەیە کە دەستدرێژییەکەی کردوە، ئەمەش وا دەکات کە باسکردنی ئەوەندەی تر گرانتر دەبێت. هەمو گەورەساڵان بەرپرسیارییان هەیە کە بوێرن پرسیار لەسەر توندوتیژی لە منداڵ بکەن.

مرۆڤ دەتوانێت نیشان بدات کە مرۆڤ بەتەنگەوە دێت و لێگەڕێ منداڵەکە لەسەر ڕەوتی خۆی باس بکات.

وەک گەورەساڵێک دەبێت مرۆڤ ئەوە نیشان بدات کە مرۆڤ دەتوانێت گوێبیست بێت و باسکردنەکەی منداڵەکە وەردەگرێت. گەورەساڵان بەرپرسیارن لەوەی کە کار بۆ باشترینی منداڵەکە بکەن.

# کاردانەوە ئاساییەکان

هەمو جۆرەکانی دەستدرێژی شوێن پێی خۆی لای ئەو منداڵانە بە جێ دێڵێت کە دووچاربوون. ئەو منداڵانەی کە تووشی گێچەڵ دەبن، بەشێوازی جۆراجۆر نیشانی ئەدەن. نیشانەی دووچاربوون لەوانەیە ئەوە بێت کە منداڵەکە سکی یان سەری دێشێت، بەلایەوە زەحمەتە بخەوێت، بیری چڕبکاتەوە، بەتەنیایە یان هەڵسووکەوتی شەڕانیی هەیە. منداڵەکە دەکرێت تووشی خەمۆکی ببێت، هەستی نائومێدی و کۆمەڵە نیشانەی سترێس لەپاش تراومای هەبێت. لەوانەیە ئەوەش ڕووبدات کە منداڵ زیانی جەستەییشیان ببێت وەک بۆ نموونە، نیشانەی شینەهەڵگەڕان یان برینی ڕووشاویی.

هەندێک منداڵ نە نیشانەکان و نە زامی بەدیاریان پێوەیە، هەرچەندیش تووشی گێچەڵ بوون. منداڵانێک کە نیشانەی دیار بەدەرناخەن، لەوانەیە وەک قوربانییەکی تاوان دۆزینەوەیان گران بێت. هەر منداڵە کاردانەوەی تاکڕەویی خۆی هەیە و لەوانەیە گران بێت کە پێشبینی لە کاردانەوەکان بکرێت. کەسایەتی منداڵەکە، دۆخی ژیان و تۆڕی کۆمەڵایەتی مانادارن لەوەدا کە منداڵەکە چۆن کاریگەریی تێدەکرێت. ڕووداویی توندوتیژییەکە لەخۆیدا و پەیوەندیی بە کەسەکەی کردەوەکەی کردوە هەیە، لەوانەیە کاریگەریی لەسەر کاردانەوەی منداڵەکە هەبێت.

توندوتیژیی لە پەیوەندیی نیزیکدا، وەک بۆ نموونە لێدانی منداڵ یان دەستدرێژیی سێکسی، زیاتر سامناکە. کتومت وەک تاوانلێکراوێکی گەورەساڵ، منداڵیش هەستی قەرزباری و شەرمەزارییان هەیە بەسەر ئەوەدا کە ڕوویداوە، سەرباری ئەوەش کە کەسی بەکردەوەهەڵساوەکە بەرپرسە. کاتێک کە تاوانەکە لە ماڵدا ڕوودەدات فشارێکی زیاتر بۆسەر منداڵەکە دەهێنێت، چونکە کەسی بەکردەوەهەڵساو و ژینگەی ماڵەوە دەبێت مانای ئاسوودەیی بۆ منداڵەکە ببەخشن.

# پشتگیریی و پاراستن بۆ منداڵ لەماوەی ڕاگەیاندنەکەدا

منداڵێک کە دووچاری تاوان کرابێت یان شاهیدی توندوتیژیی بووبێت، پێداویستی بە پشتگیریی و یارمەتیی هەیە. بێجگە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی منداڵەکە بە شێوەی خێزان، برادەر و کەسانی نیزیکی تر، دەکرێت منداڵەکە پێداویستی بە پشتگیریی تریش هەبێت. ئەوە لەوانەیە پشتگیریی لەڕێی گفتوگۆ لەگەڵ چاودێریی تەندروستی خوێندنگە بێت یان لە بنکەی تەندروستی بێت، چارەکاریی لەناو دەروونپزیشکی منداڵ – و لاوان (BUP) یان پەیوەندییگرتن بە ڕێکخراوێکی نائابوورییەوە بێت.

بۆ ئەوەی منداڵەکە پشتگیریی و یارمەتی لەلایەن چاودێریی نەخۆشی- و تەندروستییەوە یان خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە بدرێتێت، ئاساییانە پێویستی بە ڕەزامەندیی پەروەردەکارانی منداڵەکەوە هەیە. لە بوونی پەروەردەکردنی هاوبەشییدا، یەک لە باوان دەتوانێت لە هەوڵی ئەوەدا بێت ڕێگری لە هەنگاونان بۆ پشتگیریی و یارمەتیی بکات.

لیژنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بڕیار لەسەر بەشێکی دیاریکراو لە پشتگیریی – و هیممەتگەلی چارەکاری بدات سەرەڕای ئەوەی کە یەک لە پەروەردەکارەکان دژی ئەوە دەوەستێتەوە، ئەمە ئەگەر لە بەرچاوگرتنی باشترین بۆ منداڵەکە بکرێت.

### خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی

خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە شارەوانییەکەدا بەرپرسە بۆ ئەوەی کە ئەوی دووچاری تاوان کراوە و کەسوکاری تاوانلێکراوەکەش ئەو پشتگیریی و یارمەتییە وەربگرن کە پێویستییانە. ئەمە بەتایبەتی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە دووچاری تاوان کراونەتەوە و ئەو منداڵانەی شاهیدی توندوتیژیی یان دەستدرێژیی تر بوونەتەوە کە دژی کەسوکار کرابێت. کارمەندانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ئەرکی نهێنیپاراستنیان لەسەرە.

لە هەندێک شوێن چالاکیگەلی پشتگیریی تایبەتیش هەیە، بۆ نموونە سەنتەری پشتگیریی بۆ لاوانی تاوانلێکراو و خانووی منداڵان. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە شارەوانییەکەدا دەتوانێت زانیاریی پتر دەربارەی چالاکی تایبەتی بۆ منداڵان بدات.

لە دۆخی زۆر ترسناکدا، دەکرێت کە دەستبەسەرداگرتنی بەزۆرەملێی منداڵەکە بکرێت بە پێی یاسای خستنەژێر چاودێریی لاوان (LVU). لیژنەی کۆمەڵایەتی شارەوانی داوانامە ڕادەستی دادگای کارگێڕی دەربارەی چاودێریی بەزۆرەملێ دەکات. پاشان دادگای کارگێڕی کێشەکە بەتاقی دەکاتەوە و بڕیار لەسەر ئەوە ئەدات کە ئایا لاوەکە بخرێتە ژێر ئاگالێبوونەوە.

لە دۆخی ناکاودا، لیژنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بڕیار لەسەر دەستبەسەرداگرتنێکی دەستبەجێیی دەربکات. ئەمە دەبێت لە ماوەی یەک هەفتەدا لەلایەن دادگای کارگێڕییەوە جەختکردنەوەی لەسەربکرێت.

### چاودێریی تەندروستی – و نەخۆشی یەکە

چاودێریی تەندروستی – و نەخۆشی یەکە کارێکی گرنگی هەیە، کاتێک کە دێتە سەر چارەکاری زام، کە ئەوە بدۆزرێتەوە ئایا زامەکان لەوانەیە هۆکارەکەیان تاوان بێت و کە، ئەگەر وایە، بکرێنە دۆکومێنت. کارکەرە پیشەییەکانی بنکەی تەندروستی منداڵ (BVC) و چاودێریی تەندروستیی خوێندنگا بەگشتیی لەگەڵ هەمە منداڵێکدا لە پەیوەندیدان. بەوەش ئەوان دەرفەتی دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی تووشی گێچەڵ بوون، هەیە.



ئەو منداڵانەی دووچاری تاوان کراونەتەوە یان شاهیدی توندوتیژیی بوون، دەکرێت پێداویستییان هەم بە چارەکاری نیشانەکانی جەستەیی و هەم دەروونی لای بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە هەبێت. منداڵانێک کە لە قەیران دایە، دەتوانێت پشتگیریی و یارمەتیی بە شێوازی گوتوبێژ لە یەک لە پێشوازیخانەکانی- دەروونپزیشکیی BUP وەربگریت، کە لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە.

لاوان دەتوانن ڕووبکەنە پێشوازیخانەیەکی لاوان. لەوێدا زوربەی جاران ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی، مامان و پەرستیار کە قسەیان لەگەڵ بکرێت و یارمەتیی وەربگیرێت. زۆر پێشوازیخانە دوکتۆر، پزیشکی ژنان و دەروونناسی لێیە. لەم ماڵپەڕە ئاگایی و ئامۆژگاریی و هەروەها زانیاریی پەیوەندیکار بۆ هەمو www.umo.se سەردانگەکانی لاوان لە وڵاتدا هەیە.

کارمەندانی ناو چاودێریی تەندروستی – و نەخۆشی ئەرکی نهێنیپاراستنیان هەیە، بەڵام ئەرکبارن بەڕاگەیاندن لای خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ئەگەر ئەوان گومان لەوە بکەن کە منداڵێک لە گێچەڵدایە. ئەوان مافی ئەوەشیان هەیە کە هەندێکی دیاریکراو لە تاوانی ترسناک دژی منداڵ بە پۆلیس و دادستێن ڕابگەیەنن.

## ڕێکخراوە نائابوورییەکان

ڕێکخراوە نائابوورییەکان وەک ئێشکگریی لێقەوماوانی تاوان، ئێشکگریی ژنان- و کچان و ڕێکخراوەکانی مافی منداڵ، زۆر تاوانلێکراوان دەبینن و تەواوکەرێکی گرنگە بۆ پشتگیریی و یارمەتییە گشتییەکانی کۆمەڵگا. ئەوان دەتوانن زانیاریی لەسەر مافەکانی منداڵان بدەن، وەڵامی پرسیارگەل بدەنەوە و لەهەمان کاتیشدا گوتوبێژی پشتگیریی پێشکەش بکەن. هەمو چالاکەوانە نائابووریەکان(ئایدیالییەکان) لەژێر پەیمانی بێدەنگیلێکردن کاردەکەن. منداڵان بۆخۆیان دەبێت پەیوەندیی بە ڕێکخراوی وەک مافی منداڵ لە کۆمەڵدا BRIS، ئێشکگریی کچان یان ئێشکگریی منداڵ و لاوانەوە BOJ ەوە بگرن.

## پاراستن

زۆر هەنگاونان هەن بۆ زیادکردنی دڵنیایی بۆ منداڵان کە لەناو هەڕەشە و توندوتیژیدا دەژین. نموونە بۆ هانگاونان بۆ پاراستن، قەدەخەکردنی پەیوەندییە، ماڵی پارێزراو و کەسایەتیی پارێزراوە. منداڵان دەبێت بپارێزرێن ئەگەر بۆخۆیان دووچاری تاوان بوونەتەوە، بەڵام هەروەهاش ئەگەر پەروەردەکاریان پێداویستیی پاراستنی هەبێت.

بۆئەوەی منداڵەکە بپارێزرێت، ئەوە گرنگە کە ڕێگەچارەکان نەخشەی کارکردنیان بە هاوڕاوێژکاری لەگەڵ پۆلیس دا، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیدا و خوێندنگەدا بۆ بکرێت. دەزگای باج و پشکنەریی داتا دەتوانن ئامۆژگاریی پراکتیکی بە ئەو کەسەی کە لە منداڵەکە بەرپرسە بدەن، دەربارەی چۆنێتی زیادکردنی ئاسوودەیی لە ڕۆژی ئاسایی خۆی و منداڵەکەیدا بکات.

# لە ڕاگەیاندنی پۆلیسەوە تا حوکم

ڕاگەیاندنێکی پۆلیس لەکاتی بوونی گومان لە تاوان، هێڵێکی گرنگە بۆ سوودلێوەرگرتن لە مافەکانی منداڵان و پاراستن بە منداڵەکە بدرێت. هەردووک، کۆمپانیای بیمە و فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان پەڵپی ڕاگەیاندن لای پۆلیس دەگرن بۆ ئەوەی پرسەکەی کە دەربارەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتن لە دەرئەنجامی تاوانە بخەنە ژێر تاقیکردنەوە. پەروەردەکارەکان و کەسانی پریڤات هەمیشە دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە گومانلێکردن لە تاوان بە پۆلیس ڕابگەیەنن. کارکەرانی پیشەییش مافی ئەوەیان هەیە کە هەندێکی دیاریکراو لە تاوانی ترسناک دەرحەق بە منداڵ بە پۆلیس ڕابگەیەنن.

بە ڕاگەیاندنێکەوە کە لەژێردەستدابێت، پۆلیس یان دادستێن لەسەر دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوەی سەرەکی بڕیار ئەدەن. پۆلیس و دادستێن ئەرکبارن کە زانیاریی مەبەست بەوەی کە بەرپرسە لە منداڵێک کە دووچاری تاوانکراوە بدات، ئەگەر ئەو کەسە بۆ تاوانەکە گومانلێکراو نەبێت.

ڕاگەیاندنی پۆلیس بە ئاسانترین شێوە لە نیزیکترین پۆلیسخانە دەکرێت یان بە تەلەفۆن بۆ ١١٤ ١٤ .

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕاگەیاندنی پۆلیس دەکرێت، ئەوەش باشە کە ڕاگەیاندن بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیش بکرێت، تاوەکو پۆلیس و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی هیممەتگەلەکانیان پێکەوەڕیکخەن.

پتر لەسەر ڕاگەیاندنی پۆلیس لێرە بخوێنەوە **www.polisen.se**

## لێکۆڵینەوەی سەرەکی

کاتێک کە پۆلیس یان دادستێن هۆکاری باوەڕبوونیان بەوە هەبێت کە تاوانێک دژ بە منداڵ کراوە، لێکۆڵینەوەیەکی سەرەکی دەستپێدەکرێت. دەکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا لێپرسینەوە لەگەڵ گومانلێکراودا، شاهیدەکان بەڵام لەگەڵ منداڵەکەشدا بکرێت.

هەمو تاوانلێکراوان بۆیان هەیە کەسێکی پشتگیریی بۆ لێپرسینەوەکە لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرەکی لەگەڵ خۆیان بهێنن. ڕەنگە بۆ منداڵ بەتایبەت گرنگ بێت کە کەسێکی لەگەڵ بێت کە مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی لەگەڵیدا بکات. ئەو کەسە لەوانەیە یەکێک بێت لە خیزانەکە، برادەرێک، کەسێک لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە یان کەسێک لە ڕێکخراوێکی نائابوورییەوە بێت. ئەو کەسەی کە زانیاریی پێیە دەربارەی ئەوی ڕوویداوە و دەیەوێت پۆلیسی لێڕابگەیەنێت، ناتوانێت ببێتە کەسی پشتگیریی، ئەگەر ئەو کەسە وەک شاهیدێک لە لێکۆڵینەوەیەکدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت.

لێکۆڵینەوەکانی کە تێیدا دادخواز لەژێر ١٨ ساڵەوەیە، دەبێت بەتایبەت پەلەی لێبکرێت و لەماوەی سێ مانگدا تەواو ببێت.

ئەگەر دادستێن پێیوابو کە بەڵگە بەپێی پێویست هەن بۆ بەتاوانبارناسینی گومانلێکراو، دەبێت دادخوازی لەسەر بکرێت(بدرێت بە دادگا). پاشی ئەوە دادگا بانگهێشت بۆ دادبینی دەکات.

## پارێزەری دادخواز

جاروبار ئەوەی دووچاری تاوانکراوە مافی یاریدەدەریی یاسایی خۆی هەیە کە پێیدەگوترێت پارێزەری دادخواز.

ئەوە پێش هەمو شتێک لەکاتی تاوانی سێکسیدا و توندوتیژیی لە پەیوەندیی نیزیکدا کاری پێدەکرێت، بەڵام لە تاوانکاری تریشدا ئەگەر پێداویستی تایەبەتی هەبن. منداڵ زوربەی جاران پارێزەری خۆیان دەبێت.

پەروەردەکار دەبێت بە زووترین کات لەگەڵ پۆلیس یان دادستێن باس لە بواری منداڵەکە بۆ وەرگرتنی پارێزەر بکات. دادگا پاشان بڕیار دەدات کە ئایا منداڵەکە مافی بوونی یاریدەدەریی یاسایی (پارێزەری) هەیە و یاریدەدەرەکەی بۆ دادەنێت. بوار هەیە کە پێنیار بدرێت بەوەی کە کێ ببێتە پارێزەر.

یاریدەدەری یاسایی ئەرکی ئەوەیە کە پشتگیریی و یارمەتیی منداڵەکە بکات، لەماوەی لێکۆڵینەوەی سەرەکی و دادبینییەکەشدا. یاریدەدەریی یاسایی دەشتوانێت کێشەکە بەردەستی بکات و دادخوازی منداڵەکە بۆ زیانبژاردنەوە بەڕێوە ببات. یارمەتییەکان بۆ تاوانلێکراو بەخۆڕایین.

## نوێنەری تایەبەتی بۆ منداڵ

ئەگەر یەک لە پەروەردەکاران گومانی تاوانی دژ بە منداڵەکەی خۆی لێبکرێت، ئەوا منداڵەکە دەتوانێت نوێنەرێکی تایەبەتی هەبێت. هەمان شت ئەو کەسە دەگرێتەوە کە بۆ تاوانەکە گومانی لێدەکرێت، پەیوەندییەکی نیزیکی بە پەروەردەکارەکەوە هەبێت. دادستێن داوای نوێنەری تایەبەتی دەکات و دادگایە کە بڕیار دەدات ئایا منداڵەکە مافی نوێنەری تایەبەتی هەیە، هەروەها نوێنەرەکەش دادەنێت.

نوێنەرە تایەبەتییەکە بەرپرسێتی پەروەردەکارەکە دەگرێتە ئەستۆ، کاتێک کە دێتە سەر سوودوەرگرتن لە مافەکانی منداڵ و پەرژەوەندییەکانی لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرەکی و دادبینییەکەدا. نوێنەرەکە دەتوانێت بۆ نموونە، بڕیار لەسەر تێڕوانینی پزیشکیی منداڵەکە بدات، منداڵەکە بۆ لێپرسینەوەی پۆلیس بهێنێت و یارمەتیی منداڵەکە بدات کە لە دادبینییەکەدا داوای زیانبژاردنەوە بکات.

بۆ نوێنەری تایەبەتی، دەتوانرێت پارێزەرێک، یاریدەدەرێکی یاسایی لە نووسینگەیەکی پارێزەریی یان شتێکی تر هەڵبژاردە بکرێت. مەرجی لێزانین و شارەزایی هەن کە داوادەکرێن هەروەها ئەو مۆرکانەی(تاییەتمەندییانەی)کە کەسەکە بەتایەبەت بۆ ئەرکەپێسپێردراوەکە گونجاو بکات.

**لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵ**

پۆلیس سەرکردەی لێپرسینەوەیان هەیە کە خوێندەواریان لە لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵدا هەیە. لێپرسینەوەکە دەبێت نەخشەی کارکردن و جێبەجێکردنی بۆ بکرێت بەبی ئەوەی منداڵەکە زیانی پێبکەوێت.

پەروەردەکار دەبێت لەگەڵ منداڵێک کە لە ژێر ١٥ ساڵەوەیە بۆ لێپرسینەوەکە بچێت، ئەگەر ئەو بۆ تاوانەکە گومانلێکراو نەبێت و ئەگەر لێپرسینەوەکە بتوانرێت بکرێت بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی (خراپی) لەسەر لێکۆڵینەوەکە هەبێت. پەروەردەکار هەمیشە بۆی نییە لە ژووری لێپرسینەوەکە دابنیشێت، بەڵام واباشە لەبەردەستدا بێت چ پێش چ پاش لێپرسینەوەکە. ئەگەر منداڵەکە یاریدەدەری یاسایی هەیە یاخود نوێنەرێکی تایەبەتی، ئەوا واباشە ئەو کەسە لەگەڵدا بێت.

لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵدا نابێت لەوە وردەکاریی تر بێت کە بارودۆخەکە داوای دەکات. بۆ ئەوەی باسکردنێکی تێروتەسەل بەدەستبهێنرێت دەربارەی ئەوەی ڕوویداوە، ئەوا زۆرجار وا باشترە چەند جارێک



لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵەکە بکرێت. لێپرسینەوەکە پێش هەمو شتێک بۆ ئەوەیە کە بەڵگەکان دڵنیا بکرێن. ڕەنگە لێپرسینەوە بۆ منداڵ دژوار بێت، بەڵام لەوانەشە تەسکینیی پێدابێتەوە بە باسکردنی ئەوی ڕوویداوە.

ئەگەر منداڵەکە ژێر ١٥ ساڵە، یان لەبەر هۆکاری تر وا چاوەڕواندەکرێت کە نەتوانێت بەشداری لە دادبینییەکەدا بکات، دەبێت لێپرسینەوەکە بەدەنگ و وێنە تۆماربکرێت. واباشە هەڵسەنگاندن بۆ لێپرسینەوەی ڤیدیۆیی بکرێت بام منداڵەکە ١٥ ساڵیشی پڕکردبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گومان لەوەدا هەبێت کە دەستدرێژیی ترسناک تر کرابێت.

**تێروانینی دوکتۆر و پشتگیریینامەی دوکتۆری دادی**

تێروانینی دوکتۆر هەم بۆ چارەکاریی زامەکانی منداڵەکە گرنگە هەم بۆ بەدۆکۆمێنت کردنیان. ئەگەر هیچ زامێک نەبێت ئەوا دەکرێت بۆ منداڵەکە تەسکینیی بێت کە ئەو شتە بزانێت. ئەوە بەرپرسێتی پەروەردەکارە کە سەردانی چاودێریی نەخۆشی بکات، ئەگەر مرۆڤ پێی وابێت کە منداڵەکە زام/ زیانی پێگەیشتوە. ئەگەر منداڵەکە نوێنەرێکی تایەبەتی هەیە ئەوا ئەوە کە هەڵوێست لەسەر پرسی تێروانینی دوکتۆر دەگرێت.

بۆئەوەی دادستێن بتوانێت بەڵگەبهێنێتەوە کە تاوانێک دژی منداڵەکە کراوە، ئەوا گرنگە کە شوێنپێکان دڵنیا بکرێن و پێکانەکان(زامەکان) لە شێوەی پشتگیریینامەیەکی دوکتۆری دادی بەدۆکومێنت بکرێن. کاتێک کە دێتە سەر تاوان دژی منداڵ، زوربەیجار دوکتۆری پسپۆڕ لە منداڵدا یان دوکتۆری دادی بە تێڕوانینەکە هەڵدەستێت، کە دەبێتە بناخەی پشتگیرییناماەی دوکتۆری دادی.

**خانەی منداڵان**

لە زۆر شوێنی وڵات خانەی منداڵان هەن. لە خانەیەکی منداڵاندا، پۆلیس، دادستێن و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی هاوکاری لە لێکۆڵینەوەکانی کە لەسەر ئەو منداڵەیە کە دووچاری تاوانێکی ترسناک بۆتەوە، دەکرێن. جاروبار نوێنەرانی دەزگای پزیشکی دادیش و دەروونپزیشکی منداڵان – و لاوانیش لەو هاوکاریەدا لەگەڵدان.

بیرۆکەکە ئەوەیە کە منداڵەکە بۆ ژینگەیەکی بۆ منداڵ لەبارهێنراو بێت، کە تێیدا چەند لێکۆڵینەوەیەک لە هەمان شوێن بەئەنجام دەگەیەندرێن، بۆ ئەوەی منداڵەکە ڕزگاریی بێت لەم هێنانوبردنەی نێوان فەرمانبەرییەکان. دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکە بکرێت و منداڵەکە پشتگیریی و چارەکاری لە هەمان شوێن وەردەگرێت.

# دادبینی

ئەگەر دادستێن پاش ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی سەرەکی بەئەنجامگەیێندرا دادخوازی پێشکەش کرد، دادبینییەکە (مەحکەمەکە) دەکرێت. دادخواز لە ژێر ١٥ ساڵەوە، پێویست ناکات هەمیشە لە دادبینییەکەدا لەگەڵدا بێت. لەباتی ئەوە دەکرێت لێپرسینەوە تۆمارکراوەکانی پێشوو نیشانی دادگا بدرێن. ئەگەر منداڵەکە لە دادبینییەکەدا لەگەڵدا بوو، ئەوا دەکرێت تۆمەتبار لە ژوورێکی تر بێت کاتێک کە لێپرسینەوە لەگەڵ منداڵەکە ئەکرێت. ئەوسا تۆمەتبار لەرێگەی بڵندگۆوە گوێ لە لێپرسینەوەکە دەگرێت.

ئەگەر دادبینیەکە شتی زۆر هەستیاری هێنایەپێش، بۆ نموونە تاوانی سێکسی، دادگا دەتوانێت بڕیار بدات کە تەنها چەند کەسانێکی دیاریکراو بۆیان هەیە لە هۆڵی دادگا بمێننەوە. ئەوسا واباوە کە مرۆڤ بڵێت، کۆبوونەوەکان لە پشتی دەرگای داخراوەوە دەکرێن.

کاتێک کە دادبینیەکە کۆتایی دێت، دەبێت دادگا بڕیاری حوکمەکە بدات. لایەنێک کە لە حوکمی دادگای بەرایی ڕازی نییە، دەتوانێت لای دادگای تێهەڵچوونەوە داوای تێهەڵچوونەوە بکات.

لە خوێندنگای دادبینی لای فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان زانیاریی پتر دەربارەی www.rättegångsskolan.se, بەڕێوەبردنی دادبینی هەن، بڕوانە ئێرەخوێندنگای دادبینی لەوانەیە ئامادەکارییەکی باش بێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت لە دادبینیەکدا لەگەڵدا بێت.


هۆڵی دادگا
مێزی دادستێن
(لەچەپەوە بۆ ڕاست)
یاریدەدەری دادخواز
دادخواز
دادستێن
مێزی دادوەر
(لەچەپەوە بۆ ڕاست):
ئەندامی دادگا
ئەندامی دادگا
سەرۆک
نووسەری کۆنووس
ئەندامی دادگا
مێزی شاهید
شاهید
ئەگەری بوونی گوێگر
مێزی پارێزەر
(لەچەپەوە بۆ ڕاست)
پارێزەر
تۆمەتبار

# قەرەبووکردنەوە

ئەگەر منداڵێک دووچاری تاوانێک کرا ئەوا، دادستێن، پارێزەری دادخواز یاخود نوێنەرە تایەبەتەکە دەبێت داواکاری زیانبژاردنەوە لە پەیوەندیی لەگەڵ دادبینیەکەدا بکەن. لەوانەیە منداڵەکە مافی قەرەبووکردنەوەی هەبێت کە بەپلەی یەکەم بە شێوازی زیانبژاردنەوەیە، و بەپلەی دووهەم لەڕیگەی بیمەوە و بەپلەی سێهەم لەڕیگەی قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان لەلایەن دەوڵەتەوە.

## زیانبژاردنەوە

منداڵەکە دەتوانێت قەرەبو وەربگرێت بۆئەو زام / زیانانەی کە لە ڕێی تاوانەکەوە پێیکەوتوە. ئەگەر دادگا تۆمەتباری بەوە مەحکوم کرد کە زیانبژاردنەوە بدات، ئەوا مانای ئەوە نییە کە پارەکان ئۆتۆمایئکی دێن. کەسەتاوانکارەکە لەوانەیە نەتوانێت پارەبدات یان بەخۆشی خۆی نایدات. ئەوسا فەرمانبەریی قەرزخڕکردنەوە و زەوتکردن یارمەتیی منداڵەکە لە وەرگرتنی پارەکەدا دەکات. ئەگەر کەسەتاوانکارەکە بتوانێت پارەکە بدات ئەوا فەرمانبەریی قەرزخڕکردنەوە و زەوتکردن وا دەکات کە تاوانلێکراوەکە زیانبژاردنەوەکەی وەربگرێت. یارمەتیی لەلایەن فەرمانبەریی قەرزخڕکردنەوە و زەوتکردنەوە بەخۆڕاییە، جگە لە دۆخی زۆر تایەبەتدا.

## بیمە

ئەگەر کەسەتاوانکارەکە نەناسراو بێت یاخود ئەگەر کەسەتاوانکارەکە نەتوانێت زیانبژاردنەوەکە بدات، ئەوا منداڵەکە هێشتام مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە. ئەگەر منداڵەکە بیمەیەکی هەبێت کە زیانلێکەوتن لە کاتی تاواندا قەرەبوو دەکاتەوە، ئەوا منداڵەکە دەتوانێت قەرەبوو لە کۆمپانیای بیمەوە وەربگرێت. دەکرێت کە منداڵ بیمەی تایەبەت بیانگرێتەوە، بۆ نموونە بیمەی منداڵ یان بیمەی کارەسات (ڕووداو) لەڕێگەی خوێندنگەوە. ئەم بیمانە بە پلەی یەکەم قەرەبووی ئەو تێچوونانە (خەرجی) و زیانپێگەیشتنە هەمیشەییەکان دەکاتەوە. ئەوە گرنگە کە هەتا بکرێت بە زووترین کات دوای تاوانەکە ئەو زیانپێکەوتنانە لای چاودێریی نەخۆشی بەدۆکومێنت بکرێن و ڕاگەیاندنێک لای کۆمپانیای بیمە بکرێت.



## قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان

قرەبووکردنەوەی زیانی تاوان قەرەبوویەکی دەوڵەتییە کە تاوانلێکراوەکە مافی وەرگرتنی هەیە، ئەگەر هیچ لایەنێکی تر قەرەبوی زیانەکانی لە تاوانەکەوە کەوتوونەتەوە نەدات. ئەمە کاتێک برەوی هەیە کە کەسەتاوانکارەکە نەناسراوبێت یاخود کە کەسێکی تاوانکاری مەحکومکراو نەتوانێت زیانبژاردنەوەکە بدات. ئەگەر لەپاڵ ئەوەشەوە تاوانلێکراو بیمەی نەبێت یان کە بیمەکە هەمو زیانەکە نەکات، ئەوا لەهەندێک دۆخدا دەوڵەت دەتوانێت قەرەبووی زیانی تاوان بکاتەوە. داوانامەی قەرەبووی زیانی تاوان لای فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان دەکرێت.

کاتێک کە گومانلێکراوێکی دەست بۆ نیشانکاراو هەبێت، داواکە ئەوەیە کە ئەو کەسە لە دادگادا بە تاوانبار بناسرێت بۆئەوەی قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان بدرێت. ئەمە بەگشتی هەمیشە لە دەستدرێژیی لە پەیوەندیی نیزیکدا داوادەکرێت. بۆ ئەوەی بۆ منداڵەکە بشێ کە قەرەبووی زیانی تاوان وەربگرێت کاتێک کە تاوانکار نەناسراوە، ئەوە داوادەکرێت کە لێکۆڵینەوەیەک ، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی سەرەکی هەبێت، کە نیشانی بدات کە منداڵەکە دووچاری تاوان کراوە و تووشی کارەساتیی بێ بەختانە(قەزاوقەدەر) نەبوە.

## قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان بۆ منداڵ کە شاهیدی تاوان بووبێت

منداڵ کە شاهیدی توندوتیژیی لە پەیوەندیی نیزیک دا بوون، دەکرێت مافی ئەوەیان هەبێت قەرەبووی زیانی تاوان وەربگرن. دەوڵەت بەربرسیی قەرەبووکردنەوەی هەیە بۆ منداڵانێ کە شاهیدی تاوانی ترسناک دژ بە کەسێکی نیزیک بوون، هەرچەندە منداڵەکە نەتوانێت زیانبژاردنەوە لە تاوانکارەکە وەربگرێت. «شاهیدبوون» ئەوەدەگەیەنێت کە منداڵەکە تاوانکارییەکەی دیوە یان بیستوە. ئەوە ڕەنگە لەسەر ئەوەبێت کە باوانێک لێیدرابێت یان هەڕەشەی لێکرابێت لەلایەن باوانەکەی ترەوە یان کەسێکی نزیک بە منداڵەکە. ئەوە لەوانەشە کە دەستدرێژیی دژی خوشکوبرا بێت. شاهیدبوون بۆ توندوتیژیی – و تاوانی سێکسی مافی قەرەبوو وەرگرتن ئەدات. منداڵ دەشتوانێت قەرەبو وەربگرێت

ئەگەرشاهیدی ئەوە بووبێت کە یەک لە باوان هەڕەشەی لە باوانەکەی تر کردبێت یاخود ماڵە هاوبەشییەکە بشکێنێت. هەمو باروودۆخەکانی بابەتەکە دەبێت داوەری لەسەربکرێت بەڵام پێش هەمو شتێک ئەو زیانەی، سووکایەتیپێکردنەی و مەترسییەی کە وا دادەنرێت بەر منداڵەکە کەوتبێت. قەبارەی قەرەبووکردنەوەکە پەیوەستە بە ترسناکی ئەو تاوانەی کە منداڵەکە شاهیدی بوە.

بۆئەوەی منداڵێک کە شاهیدی تاوانێک بووبێت، بتوانێت قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان وەربگرێت، ئەوا لە زوربەی زۆری دۆخەکاندا حوکمی بەتاوانبارناسین مەرجە بۆ ئەو تاوانەی منداڵەکە شاهیدی بوە. لەپاڵ ئەوەشەوە دەبێت جۆرێک لە جۆرەکانی بەدۆکومێنتکردن هەبێت، باشترین وایە لە لێکۆڵینەوەی سەرەکیدا بێت، لەباسکردنی تاوانەکەدا بێت یان لە حوکمەکەدا بێت، کە ئەوە نیشان بدات کە منداڵەکە تاوانەکەی دیوە یان بیستوە.

زانیاریی پتر دەربارەی قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان و چۆنێتیی بەڕیوەچوونی داوانامەکە لێرەدا هەیە
**www.brottsoffermyndigheten.se**

**ئەرکباریی خوێندنگا بە قەرەبووکردنەوە**

ئەگەر منداڵێک لە ژینگەی خوێندنگادا سووکایەتی پێکرابێت، دەکرێت خوێندنگا ئەرکباربێت بە قەرەبووکردنەوە، چونکە منداڵەکەی بەپێی پێویست نەپاراستوە. بەپلەی یەکەم دەبێت مامۆستا یان بەڕێوەبەر لە دۆخی منداڵەکە ئاگادار بکرێنەوە. ئەگەر هێشتام منداڵەکە یارمەتیی وەرنەگرت، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت ڕاگەیاندنێک بە نوێنەری منداڵ- و خوێندکار(BEO) پێشکەش بکات کە لای پشکنینیی خوێندنگا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.



# زانیارییەکانی پەیوەندیی

### ڕێکخراوە ئائابووریيرکان

**مافی مندال لە کۆمەلگادا، BRIS**
BRIS-تەلەفۆنی: 116 111
BRIS تەلەفۆنی گەورەسالانی: 077-150 50 50
info@bris.se
www.barnperspektivet.se ,www.bris.se

**فیدراسیۆنی نیشتمانی ئێشکگریی لێقەوماوانی تاوان، BOJ**
تەلەفۆنی ئێشکگر: 0200-21 20 19
unga@boj.se ,boj.riks@boj.se
www.ungaboj.se ,www.boj.se

**کۆمەلەی کەسوکاری مندالێ بێدەستەلات کە سوودی سێکسی لێوەرگیرابێت ATSUB**
تەلەفۆن: 08-644 21 12
info@atsub.se
www.atsub.se

**ڕێکخراوی نیشتمانی بۆ ئێشکگرییەکانی ژنان و ئێشگریی کچان لە سوید، Roks**
تەلەفۆن: 08-442 99 30
info@roks.se
www.tjejjouren.se ,www.roks.se

**کۆمەلەی نیشتمانی سەنتەری پشتگیریی دژ بە سێکس لەگەل مندالی خۆ و کەسوکاری پێنەشیاو، Rsci**
تەلەفۆنی ئێشکگر: 08-696 00 95
jour@rsci.nu
www.rsci.nu

**مندالەکان ڕزگارکەن(مندال پاریزان)**
تەلەفۆن: 08-698 90 00
info@rb.se
www.rb.se

**فیدراسیۆنی نیشتمانی ئێشکگریی ژنان – و کچان، SKR**
تەلەفۆن: 08-642 64 01
info@kvinnojouren.se
www.tjejjouren.se ,www.kvinnojouren.se

**تیرافێم Terrafem**
ئێشکگریی ژنان و کچانی بەڕەچەلەک بیانی بە پشتگیریی و ئامۆژگاریی بە زۆر زمانان هەن.
تەلەفۆنی ئێشکگر: 020-52 10 10
info@terrafem.org
www.terrafem.org

### فەرمانبەریی و دامەزراوە دەستەلاتدارەکان

**نوێنەری مندال- و خوێندکاران لە پشکنینی خوێندنگادا، BEO**
تەلەفۆن: 08-586 080 00
beo@skolinspektionen.se
www.skolinspektionen.se

**فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان Brottsoffermyndigheten**
تەلەفۆن: 090-70 82 00
registrator@brottsoffermyndigheten.se
,www.brottsoffermyndigheten.se
www.rattegangsskolan.se

**فەرمانگەی چاودێریی زانیاریی لەسەر خەڵک**
تەلەفۆن: 00 61 657-08
datainspektionen@datainspektionen.se
,www.datainspektionen.se
www.kränkt.se

**دەزگای دەوڵەتی دادگاکان**
تەلەفۆن: 00 53 15-036
domstolsverket@domstol.se
www.domstol.se

**فەرمانبەریی قەرزخڕکردنەوە و زەوتکردن**
ناوەندی کڕیار, تەلەفۆن: 00 73 73-0771
kronofogdemyndigheten@kronofogden.se
www.kronofogden.se

**سەنتەری نیشتمانی بۆ ئارامی ژنان، NCK**
www.nck.uu.se
تەلەفۆنی پشتگیریی بەڕێوە دەبات، هێڵی تەلەفۆنی
ئارامیی ژنان NCK Kvinnofridslinjen
تەلەفۆنی ئێشکگر: 50 50 50-020
www.kvinnofridslinjen.se

**پۆلیس**
تەلەفۆن: 14 114
لە دۆخی تەنگاویدا: 112
www.polisen.se

**فەرمانبەریی یارمەتیی یاسایی**
تەلەفۆن: 00 46 13-060
registrator@rhm.dom.se
www.rattshjalp.se
35 34

**دەزگای باج**
تەلەفۆن 778 778-0771

(لەڕێگەی ئەم لینکەوە پەیوەندیمان پێوەبکە، زانیاریی پەیوەندیگرتن بە نووسینگەی باجەوە هەیە)

**بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی**
تەلەفۆن: 00 30 247-075
socialstyrelsen@socialstyrelsen.se
www.socialstyrelsen.se

**شارەوانییەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، SKL**
تەلەفۆن: 00 70 452-08
info@skl.se
www.skl.se.se (لەڕێگەی ئەم لینکەوە،
شارەوانییەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانپەیوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی لە شارەوانیەکەتدا هەن)

**سەردانگەکانی لاوان**
زانیاریی پەیوەندیگرتن بۆ هەمو سەردانگەکانی لاوان لە ئێرە هەیە www.umo.se

**فەرمانبەریی دادستین**
تەلەفۆن: 00 66 453-08
registrator.riksaklagaren@aklagare.se
www.aklagare.se

جۆرەکانی پشتگیریی تر هەن، بۆ نموونە سەنتەری پشتگیریی بۆ لاوانی تاوانلێکراو و خانووی منداڵان. پەیوەندیی بە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە لە شارەوانیەکەتدا بگرە ۆ زانیاریی پتر، بڕوانە شارەوانیەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی سوید.

# وشەنامە

## تاوان
کردەوەیەکە کە بە پێی یاسا دەکرێت سزابدرێت.

## کێشەی تاوان
تاوانێکی گومانلێکراو کە لە دادگادا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## دادگا
فەرمانبەرییەکە کە یەک لەوانە لە کێشەی تاواندا حوکم دەدات. دادگا گشتییەکان: دادگای بەرایی( دەستەڵاتی یەکەم)، دادگای تێهەڵچوونەوە(دەستەڵاتی دووهەم)، دادگای باڵا( دوایین دەستەڵات)

## لێکۆڵینەوەی سەرەکی
لێکۆڵینەوەیە کە لە ژێر رابەری پۆلیس یان دادستێندا دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە.

## سەرپەرشت
کەسێکە کە ئەرکپێسپێردراوە بە هەڵسان بەو ئەرکانەی کە بۆ کەسێکی تر دەکرێت. دەتوانێت بۆ نموونە، هاریکاری لە پارەدانی فاتورەدا بکات یان داوای قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان بۆ منداڵێک بکات. لەلایەن دادگاوە دادەنرێت.

## کەسی تاوانکار
کەسێکە کە تاوانێکی کردوە.

## کۆبوونەوەی سەرەکی دادگا
کۆبوونەوەیەکی بەدەمی یە لە دادگادا، کاتێک کێشەیەک دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، پێشی دەگوترێت دادبینی.

## ناوبژی
تاوانلێکراو و کەسی تاوانکار کۆدەبنەوە، بۆئەوەی لەگەڵ کەسێکی بێلایەن باس لە رووداوەکە و دەرئەنجامەکانی بکەن. ناوبژی هەم بۆ تاوانلێکراو و هەم بۆ کەسی تاوانکار دڵخوازانەیە.

## دادخواز
ئەوەی کە دووچاری تاوانێک بوە یان زیانی لە تاوانەکەوە پێگەیشتوە پێیدەگوترێت دادخواز، لە پرۆسەی دادبینییەکەدا.

## یاریدەدەری دادخواز
کەسێکە کە خوێندەواری یاسایی هەیە، زوربەی جار پارێزەرێکە، کە پشتگیریی بەو کەسە ئەدات کە دووچاری تاوانی ترسناک بوە. لەلایەن دەوڵەتەوە پارەی ئەدرێتێ و لەلایەن دادگاوە دەستنیشان دەکرێت.

## سزا
ئەو سزایەی دەوڵەت بۆ تاوانێک بڕیاری لەسەر ئەدات. نموونە بۆ سزا (سەرئەنجام) تاوانانە، زیندانی، حوکمی مەرجدار، خستنەژێرچاودێری و ڕادەستکردن بۆ چاودێریی تایەبەت.

## فەرماننامەی سزا
لە تاوانی سووک و دانپێدانراودا، دادستێن دەتوانێت بڕیار لەسەر سزا و زیانبژاردنەوە بدات.

### نوێنەری تایبەت
کەسێکی تایبەت، زوربەی جار پارێزەرێک یان یاریدەدەری یاساناس، کە لەبری پەروەردەکاری منداڵەکە سوود لە مافەکانی منداڵەکە وەردەگرێت لە لێکۆڵینەوەکەدا و لە دادبینییەکەدا. دەکرێت لەلایەن دادگاوە دابنرێت ئەگەر یەک لە باوان، یان یەکێک کە پەروەردەکار پەیوەندیی نیزیکی لەگەڵدا هەیە بۆ تاوانەکەی دژی منداڵەکە گومانلێکراوە.

### تۆمەتبار
ئەوەی بە تاوانەکە تۆمەتبارە.

### پەروەردەکار
ئەو یان ئەو کەسانەی کە چاودێریی یاسایی منداڵەکەیان هەیە، یاوەکو بڵێین لە ڕوی دادیەوە بەرپرسن. ئەوە لەوانەیە یەک یان هەردوو باوانەکە بێت، یاخود کەسێک لەلایەن دادگاوە دەستنیشان کرابێت ( بڕوانە نوێنەری تایبەتیش).

### داوا
داواکردن یان پەڵپ گرتن لە بڕیارێکی دیاریکراو بگیرێت.

### دادستێن
یاساناس کە سەرکردایەتیی لێکۆڵینەوەی سەرەکی دەکات و نوێنەرایەتی دەوڵەت لە پرۆسەی دادبینییەکەدا دەکات.

### دادخوازی
داواکارییەکە لەلایەن دادستێنەوە، یان لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێت، بەوەی کە دادگا کەسێکی دیاریکراو بۆ یەک یان چەند تاوانێک مەحکوم بکات.

### داوای تێهەڵچوونەوە
داوایەکە بەوەی کە کێشەکە /بابەتەکە لە دەستەڵاتێکی بەرزتر چاوپێداخشاندنەوەی لەسەر بکرێت( بڕوانە دادگاش) ئەگەر مرۆڤ لە حوکمەکە ڕازی نەبێت.

# دەربارەی فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان

فەرمانبەری لێقەوماوانی تاوان بەرپرسێتی نیشتمانی بۆ سێ ناوچەی چالاکی هەیە:

- قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوان
- فاوندی لێقەوماوانی تاوان
- سەنتەری زانین

ئامانجی بەرفراوانی کێشەکە ئەوەیە کە سوود بەهەمو مافەکانی تاوانلێکراوەکان بگەیەنێت هەروەهاش سەرنج بۆ پێداویستی و پەرژەوەندییەکانیان ڕابکێشێت.

زانیاریی بە فرە زمان هەن، کە www.brottsoffermyndigheten.se لێرەدا دەربارەی مافەکانی تاوانلێکراوان و پرۆسەی دادبینییەکەیە، هەروەهاش فرە زانیاریی پەیوەنییگرتن بە فەرمانبەرییەکان و ڕێکخراوە نائابوورییەکانەوە هەن.

فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان بەخۆشییەوە وەڵامی پرسیارگەل ئەداتەوە کە بۆنموونە دەربارەی قەرەبووکردنەوەی پەیوەند لەگەڵ تاواندا. تەلەفۆن بۆ ژمارەتەلەفۆنی لە مێنیو (هەڵبژاردەکان) ٤ هەڵبژاردە بکە، ئەوسا بۆت 090-70 82 00 هەیە لەگەڵ کارهەڵسووڕێنەرێک لە یەکەی زیانی تاوان بدوێیت.



**فەرمانبەریی لێقەوماوانی تاوان**
Box 470, 901 09 Umeå
تەلەفۆن: 090-70 82 00
registrator@brottsoffermyndigheten.se
www.brottsoffermyndigheten.se